# هەژموونی سیاسی وستراتیجی بەریتانیا لە ئێران
## (١٩١٨-١٩٢١)

ئاشنا عەلی محەمەد*

وشە کلیلییەکان: هەژموونی سیاسی، هەژموونی ستراتیجی، بەریتانیا، ئێران
https://doi.org/10.31271/jopss.10050

**پوختە**

بیرۆکەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە زیاد بوونی بەرژەوەندی بەریتانیا لە ناوچەکە بەهۆی بوونی کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵات وای کردبوو کە ئێران هەژموونی خۆی بسەپێنێ بەسەر ناوچەکانی دەوروبەردا لە سەرو هەموشیانەوە ئێران، بەتایبەت دوای دۆزینەوەی نەوت لەو وڵاتە ئەمەش بایەخی ئێرانی زیاتر کرد، هەروەها مەترسیەکانی دوای ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری١٩١٧و بڵاوبونەوەی بیری کۆمۆنیست لە ناوچەکە و ئێران وای لە بەریتانیا کرد کە هەوڵبدات ئێرانێکی بەهێز دروست بکات تاوەکو ببێت بە لەمپەرێک لەبەرامبەر سۆڤیەت و بەرژەوەندییەکانی خۆشی پارێزراو بێت، بۆ ئەم مەبەستەش بیریان لە هێنانە سەر تەختی کەسێک دەکردەوە کە هەم دژی سۆڤیەت بوەستێتەوە هەمیش لایەنگرو پارێزەری بەرژەوەندیەکانیان بێت، ئەو کەسەش ڕەزاخان بوو، کەتوانی بە پاڵپشتی بەریتانیا بگاتە لوتکەی دەسەڵات، ئەم توێژینەوەیە بۆ شیکار کردنی بابەتەکە سودی لەهەردوو میتۆدی مێژوویی و شیکاری وەرگرتووە، ناوەڕۆکەکە لە چوار تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم باس لە سەرەتانی هاتنی بەریتانیا دەکات بۆ ئێران تاوەکو جەنگی یەکەمی جیهانی، تەوەری دووەم شرۆڤەی سیاسەتی بەریتانیا لە ١٩١٨-١٩٢٠دەکات، تەوەری سێیەم لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ڕۆڵ و کاریگەری بەریتانیایە لە ئێران، کۆتا تەوەریش باس لە کودەتای ١٩٢١ وکاردانەوەکان بەرامبەر بە کودەتا دەکات.

**ملخص**

**النفوذ السياسي و الاستراتيجي لبريطانيا في ايران (١٩١٨-١٩٢١)**

فكرة هذا البحث هو ان زيادة مصالح بريطانيا في المنطقة بسبب وجود الشركة الهندية الشرقية جعلت إيران تفرض تجربتها على المنطقة المحيطة بها خاصة بعد اكتشاف النفط، مما جعلت إيران تركز اهتمامها اكثر. كذلك مخاطر مابعد ثورة أكتوبر ١٩١٧ وانتشار الفكر الشيوعي في المنطقة وايران،

---

* بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت زانکۆی سلێمانی
ashna.muhammadamin@univsul.edu.iq

جعلت بريطانيا ان تصنع من ايران دولة قوية لتكون عائقا امام الاتحاد السوفيتي وتحفظ مصالحها في نفس الوقت، ومن اجل هذا الهدف فكرت بجلب شخص للقيادة تقف بوجه السوفيت وتراعي مصالحها في آن واحد، وكان هذا الشخص هو رضا خان.

استفاد البحث في تحليل هذا الموضوع من المناهج التاريخية والتحليلية، يتألف المحتوى من أربعة محاور، المحور الأول يتكلم عن بداية مجيء بريطانيا إلى إيران حتى الحرب العالمية الأولى، المحور الثاني يشرح سياسة بريطانيا في ١٩١٨ - ١٩٢٠، المحور الثالث عبارة عن تحليل دور بريطانيا في إيران، المحور الرابع والاخير يتحدث عن انقلاب عام ١٩٢١ وردات الفعل إزاءها.


**Abstract:**

**Britain's' Political And Strategic Influence in Iran (1918-1921)**

The main idea behind writing this research is Britain's increased interest in the area which was because of having East India Company that had caused Iran to impose its policy in the surrounding area, on top of all Iran, especially after finding oil in the area increasing Iran's value. Also, the aftermath of October's 1917 revolution and the spread of communism in the area and Iran caused Britain to attempt to strengthen a stronger Iran in order to make it a barrier against Soviet and keep its interests safe. Therefore, they thought about enthroning someone who could both stand against Soviet and keep their interests, and that person was Raza khan. To analyze the data, the research has taken advantage of both analysis and history methods. It comprises four chapters. The first chapter deals with the beginnings of Britain's entrance into Iran up until World War I. The second chapter discusses Britain's politics from 1918 to 1920. The second chapter deals with the influence and role of Britain in Iran. The fourth chapter talks about the 1921 coup d'état and the reactions to the coup d'état.

## پێشەكی:

ئێران لە ڕووی ستراتیجی و جوگرافیەوە گرنگی زۆری هەبووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە شێوەیەک کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم ناوی پردی سەرکەوتن لەم وڵاتە نراوە. لەبەرئەوە هاتنی وڵاتانی زلهێز بۆ ئێران لەخۆڕا نە بووە و هاتنیان بە مەبەستی سیاسی و سەربازی بووە، بەریتانیا بەدرێژایی ساڵانێکی زۆر خاوەنی نفوز و دەسەڵاتێکی زۆر بوە لە ئێراندا، ڕۆڵی ئێجگار گەورەی بینیوە لەم وڵاتەدا بەتایبەتی لە بەدیهێنانی یەکیەتی خاکی ئێرانەوە لەدوای هەردوو جەنگی جیهانی چونکە بەرژەوەندی لە پارچە پارچەیی و لاوازی خاکی ئێراندا نەبوو، ئەمەش بۆ ئەوە بووە کە ئێران بتوانێ لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ لەبەرامبەر سۆڤیەتدا، پەیوەندیەکانی ئێران و بەریتانیا کاریگەری زۆری لەگۆڕەپانی سیاسی ڕووداوە ناوچەیی و جیهانیەکان بەجێهێڵاوە، ناتوانین باس لە هەژموون و دەستێوەردانەکانی بەریتانیا نەکەین لە ئێراندا، ئێران بەبێ پرس و خواستی بەریتانیا هیچ کات سەقامگیری بەخۆوە نەبینیووە گرنگی بابەتە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە بەریتانیا چۆن هەژموونی خۆی دەسەپێنێ لە ئێران و ڕوبەڕوی هەموو نارەزایەتی و دژەکانی دەبێتەوە لەو وڵاتە، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ کاریگەری ململانێی بەریتانیا و سۆڤیەت و لێکەوتەکانی دەگەڕێتەوە لە ئێراندا کە دواتر ئەم لێکەوتەیەش بووە هۆی گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا، گرنگی بابەتەکە زیاتر خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بەریتانیا چۆن ڕووبەڕووی هەژموونی سیاسی سۆڤیەت دەبێتەوە لە ئێران کە ئەم هەژموونەی بە مەترسی دادەنا بۆسەر بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسی و ستراتیجیەکانی خۆی، سەبارەت بە پرسیاری توێژینەوە، خۆی دەبینێتەوە لەوەی: بەریتانیا چۆن توانی باڵادەست بێت بەسەر ئێران؟ تا چەند ڕۆڵی هەبوو لە کودەتای١٩٢١؟ هەڵوێست و کاردانەوەکان لەهەمبەرکودەتا و بەریتانیا چۆن بوو؟ بۆ زانین و تێگەشتن لە باڵا دەستی و هەژموونی بەریتانیا لە ئێران لەماوەی ١٩١٨-١٩٢١و کاریگەریان لەسەر هاوکێشە سیاسیەکانی ئەو سەردەمە و بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر.

میتۆدی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و شیکاری بەکار هاتووە کە لە ڕێگای ئەو میتۆدەوە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات باس کراوە لەگەڵ ڕۆڵ و کاریگەری بەریتانیا بەسەر ڕووداو و پێشهاتە سیاسیەکانی ئێران، پێکهاتەی لێکۆڵینەوەکە بریتیە لەپێشەکی و چوار تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم : کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی نفوزی بەریتانیا لە ئێران تا جەنگی یەکەمی جیهانی، تەوەری دووەم بۆ سیاسەتی بەریتانیا لەئێران لە ١٩١٨-١٩٢٠ تەرخان کراوە، لە تەوەری سێیەمدا ڕۆڵ و کاریگەری بەریتانیا لە ئێران تا کودەتای١٩٢١ ، تەوەری چوارەمیش کودەتای فێبرایەری ١٩٢١ و کاردانەوەکان بەرامبەر بە کودەتا و بەریتانیا کراوە، لەکۆتایشدا بە پوختی ئەنجامەکان خراونەتە ڕوو.

لە دیارترین ئەو سەرچاوانەی سودیان لێبینراوە، بریتین لە کۆمەڵە سەرچاوەیەکی فارسی و عەرەبی کە بەڵگەنامەکانی بەریتانیایان لە بارەی ڕووداوەکانی ئێران کە دیارترینیان کودەتای (١٩٢١)ە کە تیادا وەرگێڕدراوە بەکارهاتوون لەوانەش: د. ابراهیم خلیل احمد، د. خلیل علی مراد: ایران و ترکیا، عبدالهادی کریم سلیمان: ایران فی سنوات الحرب العالمیه الثانیه، رضا نیازمند: رضاشاه از تولد تا سلطنت، محمود طلوعی: پدر و پسر ناگفتەها از زندگی و روزگار پهلوی ها، نجفقلی پسیان، خسرو معتضد: درعصر دو پهلوی، هوشنگ صباحی: سیاست انگلس و پادشاهی رضاشاه، د. علیرضا امینی و حبیب الله ابوالحسن شیرازی: تحولات سیاسی-اجتماعی ایران از قاجاریه تا رضاشاه، جورج ناتانیل کرزن: ایران و قضیه ایران، پاشان د. یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها: مێژووی هاوچەرخی ئێران. لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی دیکە.

## تەوەری یەکەم:

## کورتەیەکی مێژوویی دەربارەی هەژموونی ستراتیجی بەریتانیا لە ئێران تا جەنگی یەکەمی جیهانی

حکومەتی بەریتانیاهەر لەسەردەمی شا عەباسی گەورەوە هەوڵی داوە شوێن پێیەکی بەسودی لە ئێراندا چنگ کەوێت، بۆ ئەم مەبەستەش نێردەی برایانی شێرلی[1] ناردووە بۆ ئێران بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی، ئەوە بووئەم وڵاتە توانی بەململانێ کردن لەگەڵ تەواوی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەدا شوێنێکی گونجاو بۆخۆی بەدەستبێنێت، و لە ساڵانی دواتردا بەتایبەت لەسەردەمی قاجاریەکاندا بەسەرنجدان لە بارودۆخی لاوازی شاکانیان دەرفەتێکی گەورە بۆ چوونە ناوەوەی دەوڵەتی بەریتانیا بۆ ئێران هاوشێوەی ڕوسیا هاتە پێشەوە. [2] کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵات بە مەبەستی پاراستنی پێگەی خۆی لەبەرامبەر ڕقی توندوتیژی هۆڵەندی و فەرەنسیەکاندا وردە وردە ناچار بوو ڕۆڵێکی سیاسی لەئەستۆ بگرێت، ئەم کۆمپانیایە توانی تا کۆتایی سەردەمی سەفەوی جێگە و پێگەی خۆی لە ئێراندا بپارێزێت. [3] لەبەر ئەوەی کەنداوی عەرەب (فارس) و کەنارە دەریاییەکانی ئێران بۆ بەریتانیا گرنگی بازرگانی خۆی هەبووە، فراوانی کارەکانی کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵات و هاتوچۆی بەریتانیا لە بواری بازرگانی بۆ ئێران بە پەیوەندیەکی دیبلۆماسی دەستی پێکرد.[4] بەشێوەیەکی گشتی مێژووی پەیوەندییەکانی ئێران و بەریتانیا لەسەردەمی سرجان ملکم [5] دەست پێ دەکات کە بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٠٠ز پێی نایە ناو خاکی ئێرانەوە، پەیوەندی ئەم دوو وڵاتە

[1] برایانی شێرلی: دوو برا بوون بە ناوەکانی ئەنتۆنی و ڕۆبێرت، کە بە فەرمانی شاژنە ئەلیزابێز لە ساڵی١٥٩٨ دەستیان کرد بە گەڕان، لە ڕێگەی ئەسکەندەرۆنە، حەڵەب و بەغدادەوە چوونەتە ناو قەزوینەوە[1] پاشان چاویان بە شا عەباسی سەفەوی کەوتووە، لەڕێگەی شای ئێرانەوە ڕاسپێردران بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ شاکانی ئەوروپا بەمەبەستی پێکهێنانی هاوپەیمانی دژی دەوڵەتی عوسمانی، ئەمانیش دەستیان کرد بە سەفەرەکانیان بۆ وڵاتانی ئەڵمانیا، ئیسپانیا و بەریتانیا تاوەکو نامەی شا عەباسی گەورە بدەن بەدەست پاشایانی ئەم وڵاتانە.

[2] د.منوچهر محمدی: مروری سیاست خارجی ایران دوران پهلوی یا تصمیم گیری درنضام تحت سلطه، چاپ اول،نشر-دادگستری، تهران،١٣٧٧،ص٢٢.

[3] راجر سێڤری: ئێرانی سەردەمی سەفەوی، وەرگێڕانی سەلاحەدین ئاشتی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،٢٠٠٦،ل١٩٩.

٤د.مریم میر احمدی : پژوهشی در تاریخ معاصر ایران.برخورد شرق و غرب در ایران(١٩٠٠-١٩٥٠)،انتشارات آستان قدس رضوی، ١٣٦٦،ص٢٨.

[5] سرجان ملكم: لەساڵی ١٧٤٩ لە سکۆتلەندە لەدایکبووە و باوکی جوتیار بووە، لە١٧٨٢چۆتە خزمەتی هێزی دەریایی هندستان، لەساڵی١٧٩١دا لە حەیدەر ئاباد هاتۆتە کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵات بۆ خزمەت و هەر لێرەدا هەوڵی فێربوونی زمان و ئەدەبی فارسی داوە و توانی لەماوەیەکی کەمدا فێر بێت، لە ١٧٩٢ پێگەی گرنگی وەرگرتووە و هاوکات وەک وەرگێڕیش ماوەی دوو ساڵ کاری کردووە، چەندین پۆست و پلەو پۆستی گرنگی وەرگرتووە، لە ١٧٩٩-١٨٠٠ بەسیفەتی سەفیر ڕەوانەی دەرباری فەتح علی شای قاجار کراوە تاوەکو پەیمان دژی ناپلیۆن پۆناپارت لەگەڵ دەرباری ئێراندا ببەستێ، لەساڵی ١٨٣٣ لەتەمەنی ٤٤ساڵیدا لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە.بڕوانە: هادی وکیلی: ارزیابی میزان اعتبار ترجمە فارسی تاریخ ایران از سرجان ملكم، فصلنامه مطالعات و زبان ترجمه( دانشکده ادبیات و علوم انسانی)، علمی-پژوهشی، شماره سوم، زمستان ١٣٨٩، ص١٣٠،١٢٧.

لەم سەدەیەدا بەسەر چوار لایەندا دابەش بووە واتە: بەشێکی دیپلۆماسی، یاسایی، ئیداری، بازرگانی. دروست کردنی تەلەگراف زیاتر مەبەستێکی سیاسی لێ کەوتەوە و بۆ ئەو مەبەستە بوو.[٦]

بەریتانیا لەڕێگای کۆمەکی دارایی بەدەسەڵاتدارانی ئێران توانیان لە نێوان ساڵانی (١٨٠٩-١٨١٢) دوو پەیمان لەگەڵ ئێراندا ببەستن، لە پەیمانی دووەمدا کە لایەنی نیزامی هەبوو تیایدا هاتبوو:

"ئێران لەهەر چەشنە پێکهاتنێک لەگەڵ وڵاتە ئەوروپاییەکان لەدژی بەریتانیا خۆی دەپارێزێت هەروەها پێویستە شاش پابەند بێت، ڕێ لە پێشڕەوی هەرهێزێک بگرێ کە مەبەستیان هێرش کردن بێت، پاراستنی سنوری نێوان ئێران و ڕوسیاش بە هاوکاری ئێران و ڕوسیا و بەریتانیا ئەبێت. "

بەریتانیەکان هێڵی تەلەگرافی (هند-ئەوروپا)یان دامەزراند بەم شێوەیە:

١- هێڵی عوسمانی : هەوڵدرا هێڵێکی تەلەگراف بەخاکی عوسمانی دا لە ئەورووپاوە بگەیەندرێتە هندستان.

٢- هێڵی ئێران : دوای ئەوەی بەریتانیەکان زانیان هێڵی عوسمانی سەرکەوتوو نابێ، وای لەبەریتانیا کرد لەگەڵ ئێراندا بکەوێتە گفتوگۆ تا لە ڕێگای تارانەوە هێڵێک ببەن، ئەمەش لەلایەن بەشێک لە خەڵکی ئێرانەوە دژایەتی دەکرا و پێیان وابوو، کە لە ناوەڕۆکدا مەبەستێکی تری هەیە، بەڵام دواتر لەساڵی ١٨٦٣ز گەڵاڵەنامەی هێڵی تەلەگراف لەگەڵ حوکمەتی ئێراندا واژۆ کرا، بڕیاریش درا کە هێڵەکە لە ڕێگای تارانەوە بگاتە بەریتانیا، بەڵام بەدەستی ئێرانیەکانەوە بێت، بەریتانیاش دەبێت بەرامبەرێک بدات لە بەرامبەر ناردنی هەر پەیامێکدا کە دەینێرێت، ئەوە بوو لە کۆتایی ساڵی ١٨٦٤ز هێڵە نۆییەکە تەواو کرا، دواتر پەیمانێکی دیکەش بەسترا هەروەها پەیمانێکی تریش لە نۆڤەمبەری ١٨٦٥ واژۆ کرا کە سودی زۆری بۆ ئێران هەبوو چونکە هێڵی پێشتر ساڵانە سێ هەزار تمەنی بۆ ئێران دەست دەخست.[٧]

سیاسەتی بەریتانیا لە ئێراندا دوو ئامانجی هەبوو :

یەکەمیان: بەهۆی بایەخی ئەم داگیرکاریەوە نیمچە کیشوەری هند دەبێتە هۆی ڕێگری لە فراوانخوازیەکانی هەموو زلهێزەکان و داگیرکەرەکان لەسنوری ڕۆژئاوای ئێران.

دووەمیان: بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی ئابووری بەتایبەتی نەوت و بەرژەوەندیە یەک لەدوای یەکەکانی لە ئیراندا بەلای خۆیدا رادەکێشێ.[٨]

لۆرد جۆرج کیرزن نائبی پاشای هند لە بۆچونێکیدا، کە لەدرێژەی نامەیەکیدا لە ساڵی ١٨٩٩زدا ناردویەتی بۆ وەزارەتی داگیرگەکانی بەریتانیا دەڵێت: "پێویستە کاری سەرەکی دەوڵەتی بەریتانیا ئەوەبێت ڕێگە نەدات هیچ دەسەڵاتێکی ئەوروپا بەتایبەتی ڕوسیا چاو ببڕێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشوری ئێران، لەم ڕیگایەوە دەستی بگاتە کەنداوی عەرەب یاخود هیچ ئاسانکارییەکی دەریایی لە کەنداوی عەرەبیدا بهێنرێتە دی." ئەم بۆچوونەی لۆرد کیرزن بووە مایەی سەرنجدانی دەوڵەتی

٦جورج ناتانیل کرزن: ایران و قضیه ایران، ترجمه غلامعلی و حیدر مازندرانی، جلد دوم،تهران،١٣٨٠،ص٧٢١.

٧جورج ناتانیل کرزن : م.پ، ل٧٣٢-٧٣٣.

د٨.منوچهر محمدی: م.پ، ل٢٢.

بەریتانیا و زەمینەی بۆ پەیوەست بوونی ئێران بۆ ناوچەکانی نفوزی بەریتانیا زیاد کرد. [٩]

سێرجیۆ راوزلی نوێنەری بەریتانیا لە گفتوگۆیەکدا لەساڵی ١٩٠٠ز لەسەر ڕێکەوتنەکە نیەتی بەریتانیا بەرامبەر بە ئێران دەردەخات و دەڵێت: "من بەدڵنیاییەوە لەو باوەڕەدام، ئەگەر مەبەستمان تەنیا پاراستنی سنورەکانی هندمانە باشتر وایە کە ئێران لەو دۆخەدا ڕابگرین کە ئێستا تیایدایە، واتە لە کەنەفتیدا بیهێڵیەوە، دواى هیچ گەڵاڵەیەکی ترکە پێچەوانەی ئەو تێزە بێت نەکەوین. " [١٠] ئەوەبوو پاش ساڵێک لە١٩٠١ز ولیام دارسی[١١] نوێنەری بەریتانیا بە هاوکاری سەفارەتخانەی بەریتانیا ومیرزاعالی ئەسغەر خان بە پێدانی بەرتیل و فریودانی سەربازی توانی ئیمتیازاتی نەوت لە تەواوی ئێراندا بەتایبەتی لە پێنج ویلایەتی باکور بەدەست بهێنێت، کە ئەمەش لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم بوو کە نەوت لە ناوچە سنوریەکانی عوسمانی و ئێراندا دۆزرایەوە، ئەم ڕێکەوتنەی نێوان ولیام دارسی و دەوڵەتی قاجاری کە واژۆ کرا بۆ یەکەمجار بوو نەوت لە ئێران دەدۆزرایەوە بەمەش بۆماوەی شەست ساڵ جیاوکی دەرهێنان و وەبەرهێنانی نەوتی لەباشوری ئێران پێ سپێردرا. [١٢]هەروەها حوکومەتی قاجاری چاوی لە هەموو ئەو گومرگ و داهاتانەش پۆشی بوو کە دەبووایە بخرایەتە سەر هاوردەکردنی کەل و پەلە پێویستەکانی کۆمپانیاکە بۆ گەڕان بەدوای کانزاکاندا، بەشێوەیەک چاوپۆشینەکە گەشتبووە ئاستی وەرنەگرتنی گومرگ لەو مادە هەناردەکراوانەی بەرهەمی نەوتی خودی کۆمپانیاکە، لەبەرامبەردا حکومەتی ئێرانی هەزار ڕیاڵی زێڕینی وەرگرت، ئەمە جگە لەچەند پشکێک بەهەمان برە پارە لە کۆمپانیاکە، ئەوەبوو کۆمپانیای نەوتی (ئێرانی-بەریتانی) بەڵێنی بە حکومەتی ئێراندا بە پێدانی( ٦%) قازانجی نەوتی دەرهێنراو. [١٣]

دەتوانین بڵێین ئەو بەرژەوەندیانەی کە بەریتانیا لە هندستان هەیبوو، وای کردووە کە نەتوانێت دەستبەرداری ئێران ببێت بەڵگەشمان بۆ ئەمە ئەو قسەیەی لۆرد کیرزنە کە لە ساڵی١٩٠٢ وتویەتی: "وڵاتی هیند گیانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیایە، لەسەر بەریتانیا پێویستە کە هندو ڕێگاکانی لە تەنگ و چەڵەمەکانی بێگانە دوور بخاتەوە، وئەو کۆسپانەی کە کەوتونەتە نێوان ڕووس و بەریتانیا

---

٩م.پ، ل٢٩.

١٠حوسێنی مەدەنی: کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،٢٠٠١،ل٨-٩.

١١ ولیام دارسی(١٨٥٩-١٩١٧) لەبەریتانیا لەدایکبووە، لەبواری مافدا بڕوانامەی بەدەستهێناوە، پاشان چۆتە ئوستورالیا لەوێ لە دیوانی تایبەتی مافی باوکیدا کاری کردووە، لە کانەکاندا کاری کردووە لەوانەش دەرهێنانی ئاڵتون و توانیویەتی سامانێکی زۆر کۆ بکاتەوە، لە (١٩٠١/٥/٢٨) جیاوکی دەرهێنانی پەترۆڵی لە ئێراندا بەدەستهێناوە.بڕوانە: محمد علی موحد:خواب آشفته نفت (دکتر مصدق و نهچت ملت ایران)،جلد دوم، چاپ اول،چاپخانه سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ وارشاد اسلامی، نشو کارنامه، تهران،١٣٨٧،ص٩٧٧.

١٢ نازناز محمد عەبدول قادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا(١٩٦١-١٩٧٥)،چاپی دووەم،چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠١٠،ل٣٢.

١٣ د.یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها: مێژووی هاوچەرخی ئێران، چاپخانەی سیما، سلێمانی،٢٠٠٩،ل٢٠.

چارەسەری بکەن بۆ ئەوەی کە رووس رێگای پەلاماردانی عێراق-ئێران-ئەفغانستانی نەمێنێ. "[١٤]

ئەوە بوو پەیماننامەیەک لەساڵی ١٩٠٧ لە نێوان ڕوسیا وبەریتانیا واژۆ کرا کە بە پەیمانی : ڕوس-بەریتانیا[١٥] ناو دەبرێت، کە ئێرانی بەسەر سێ بەشدا دابەشکرد بەم شیوەیە: باشوری ئێران درا بە بەریتانیا و باکور درا بە ڕوسەکان، ناوەندی ئێرانیش وەک ناوچەیەکی بێلایەن مایەوە، کاتێک ئەم بڕیارە بڵاو بویەوە بوە هۆی نارەزایی ناوخۆ وعەلی شای قاجاریش هەڵویستێکی بەرگریکارانەی نەنواند. ئەمەش بووە هۆی داگیرکردنی ئێران لەلایەن داگیرکەرەکان و بەتاڵانبردنی، [١٦] چونکە ناوەرۆکی پەیمانەکە رێگای پێ دابوون خاکی ئێران بکەن بە شوێنی مانۆڕدانی هێزەکانیان، و لەم دابەشکردنەی ئێران لە نێوان بەریتانیا و ڕوس، بەریتانیەکان قازانجێکی زۆریان دەستکەوت چونکە ناوچەکانی باشور لە رووی سامانی مادیەوە بە تایبەت نەوت زۆر دەوڵەمەند بوو[١٧] ئەوە بوو لەساڵی ١٩٠٩دا کۆمپانیای نەوتی( ئێرانی-بەریتانی) پێکهات، بەم شێوەیە لەدوای دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت ئێران لە گۆڕەپانی دەسەڵاتدارانی جیهانیدا گرنگییەکی زیاتری پەیدا کرد بەتایبەتی کە بەریتانیا کەشتیەکانی هێزی دەریایی خۆی لە خەلۆزی بەردەوە بۆ نەوت گۆڕی بوو، بە مەبەستیی دەستگرتن بەسەر کانە نەوتیەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە سیاسەتی ڕەسمی بەریتانیای لەو ناوچەیە دیاری کردبوو، [١٨]

هەربۆیە دەتوانین بڵێین لەسەردەمی قاجارییەکانەوە بەریتانیەکان توانیان بەچەند ڕێگایەکی جیاواز بۆنمونە: دەستوەردان لەدەرباری قاجارەکان بەتایبەت لەکاتی سەرهەڵدانی شۆڕشی مەشروتە، [١٩] هەروەها لە ڕێگەی ڕێکخستنە جۆراوجۆرو شاراوەکانی (فرماسۆنەری) ڕۆڵێکی کاریگەری لە

١٤محمد ئەمین مەنگوری: بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ هەتا ١٩٥٨، بەشی یەکەم،چاپی دووەم، سلێمانی،٢٠٠٠، ل١٠.

١٥ پەیمانی ڕوس-بەریتانی: لە١٩٠٧/٨/٣٢وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕوس ئەلیکساندەرئیزۆلنسکی و سەفیری بەریتانی نیکسۆن پەیماننامەیەکی دوو قۆڵیان بەست و پێکهاتن لەسەرئەوەی ئێران دابەش بکەن بەسەر ناوچەی نفوزی بەریتانیی و ڕوسی و مەڵبەندێکی بێلایەن لەبەینی هەردوو ناوچەکەدا، لەساڵی١٩١١دا بەپێی ئەم ڕێکەوتنە رووس و بەریتانیا چوونە ناو خاکی ئێرانەوە، کاتێکیش جەنگی جیهانی هەڵگیرسا بەبێ گوێدان بە بڕیاری بێلایەنی ئێران داگیریان کرد. بڕوانە نەوشیروان مستەفا ئەمین:کورد و عەجەم(مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران)،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان،چاپی سێیەم،سلێمانی،٢٠٠٧،ل٢٥٨.

١٦ علی رضا اوسطی: ایران در سه قرن گذشته، جلد دوم، چاپ اول،چاپخانه برادران علمی،تهران،١٣٨٢،ص٥١٤

١٧ د.آمال السبکی: تاریخ ایران السیاسی بین ثورتین(١٩٠٦-١٩٠٧)، ترجمه:احمد مشاری المدوانی،کویت،١٩٩٩،ص٣٣،٣٤.

١٨حوسێنی مەدەنی:س.پ، ل٣٤-٣٣.

١٩شۆڕشی مەشروتەخوازی(١٩٠٥-١٩١١) یەکێکە لە ڕووداوە مێژوویە گرنگەکانی ئێران، خواستی ئەم بزاڤە جەماوەریە دانانی سنورێک بوو بۆ دەسەڵاتی ڕەهای شاکانی قاجاری و ریفۆرم لە بوارە جیاجیاکاندا(ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی)و پێکهێنانی حکومەتی نیشتیمانی و وەستان لەبەردەم دەستتێوەردانەکانی وڵاتە بیانیەکان لەکاروباری ناوخۆو دەرەوەی ئێران.بڕوانە یاسین سەردەشتی: گەلی کوردو بزاڤی بەشروتەخوازی لەئێران (١٩٠٥-١٩١١)، چاپخانەی هاوار، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٨.

بنیادنانی بڕیاردان لە ئێراندا بینی، لەلایەکەوە بە جوڵانەوەو دروستکردنی شۆڕشی ناوخۆیی و هەروەها هێنانی هێزێکی چەکدار لە باشورهەلی بەدەستهێنا بەشێوەیەک کە لەسەردەمی قاجارەکان دەوڵەتی بەریتانیا لەگەڵ ڕوسیادا یەکێک بووە لەو دوو زلهێزەی کە خاوەنی نفوزێکی زۆر بوون لە ئێراندا.[٢٠]

دوو هۆکار پێگەی جیۆ ستراتیجی ئێرانی لای بەریتانیەکان بە بایەختر کرد کە ئەوانیش:

١. بەرگریکردن لە ئیمپڕاتۆریەتی هندستان و دروستکردنی پێشتێنەیەکی بەهێز بەمەبەستیی پاراستنی هندستان و دوورخستنەوەی مەترسی ڕوسەکان لەو ناوچەیە.

٢. بەرگری لەبەرهەمهێنانی نەوت لەساڵی١٩١١ ، کە کەشتییە گەورەکانی بەریتانیا لە گواستنەوەی خەڵوزەوە گۆڕابوون بۆگواستنەوەی نەوت کە ئەمەش بۆ بەریتانیەکان گرنگییەکی گەورەی هەبوو.[٢١]

بەریتانیەکان لەگفتوگۆکردن لە جوڵانەوە ئازادیخوازەکان لە باکوری ئێران بێزار بوو بوون، هەربۆیە هەوڵیان دەدا، کە ئەو بزوتنەوانە سەرکوت بکەن و ڕێگری بکەن لەوەی پریشکیان بگاتە ناوچەکانی دیکەی ئێران و دواتر تەشەنە بستێنێت بۆ هندستان، لەبەرئەوە خۆیان بۆ داگیرکردنی ئێران ئامادە کردبوو.[٢٢] کەواتە دەتوانین بڵێین شوێنی ستراتیجی ئێران بۆ بەریتانیا زۆر گرنگ بوو، بۆیە زیاتر لەدەوڵەتانی دیکە بایەخی پێداوە. بەتایبەت بەهۆی بوونی کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵات لە ناوچەکە کە بیانوی دابووە دەستی لە ناوچەکە، هەروەها دۆزینەوەی نەوت بایەخی ئێرانی زیاتر کرد، ئەمەش وای کرد زیاتر هەوڵی سەپاندنی هەژموونی خۆی بدات لەو وڵاتە.

---

٢٠منوچهر محمدی:م.پ، ل٢٢.

٢١یان ریشار و دیگران: ایران در قرن بیستم بررسی اوضاع سیاسی، اقتصادی، احتماعی، فرهنگی در یکصد سال اخیر، ترحمه:عبدالرزاق(هوشنگ)مهدوی، چاپ اول، چاپخانه آسمان، تهران،١٣٧٧،ص٥١.

٢٢.علیرضا امینی و حبیب الله ابوالحسن شیرازی: تحولات سیاسی-اجتماعی ایران از قاجاریه تا رضاشاه، چاپ دوم، نشر قدس، ١٣٨٥،ص٢٣٢.

## تەوەری دووەم:

## سیاسەتی بەریتانیا لەئێران لە ١٩١٨-١٩٢٠

سەرەڕای ڕاگەیاندنی بێلایەنی خۆی لەجەنگدا، بەڵام زەویەکانی ئێران بووبوونە ناوچەی جەنگ، هەر بۆیە ئێران کاتێک لە جەنگ هاتە دەرەوە بێهێزو بێ دەسەڵات و بێ چەک بوو[٢٣] تارانی لێدەرچێت سەرتاپای خاکەکەی داگیر کرابوو[٢٤]، ئەوەبوو لە ئەنجامی جەنگدا گۆڕانکاری کرا لە تەرازوی هێزدا، بەهۆی شکستی ئەڵمانیا و ڕوخانی ڕوسیای قەیسەر و ئەمەش وای کرد دەرگاکانی ناوچەکە زیاتر بەڕووی بەریتانیادا بکرێتەوە، بەریتانیا بەهۆی سیاسەتیەوە توانی چەند سودێکی دەستبکەوێت بەتایبەت لە کەنداوی عەرەب، نەوتی ئێرانیش ڕۆڵێکی گەورەی دەبینی لە گرەنتی سەرکەوتنی بەریتانیا[٢٥] بە ڕوودانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ١٩١٧ و کشانەوەی ڕوسیا لە بەرەکانی جەنگ، دەرفەتێکی لەباری بۆجێبەجێکردنی سیاسەتە ئیمپریالستەکانی بەریتانیا ڕەخساند، بەریتانیا لەوباوەڕەدا بووکە دەبێت ئێران بەتەواوەتی لەژێر دەسەڵات و هەژمونی خۆیدا بێت، و ئەگەر بتوانێت ئێران بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ئیمپراتۆریای بەریتانیای مەزن دوو هێندە پارێزراوتر دەبێت و بەرژەوەندیەکانیشی بەوپەڕی باشیەوە دەستەبەر دەکات [٢٦]

بەریتانیەکان توانیان لە هاوینی ١٩١٨ پێگەی ڕوسیا لە دەریای قەزوین کۆنترۆڵ بکەن بە وتەی خۆیان بۆئەوەی بتوانن بە وێرانکردنی ناوچە ستراتیجیەکانی ڕوسیا پشتێنەیەکی ئەمنی و گونجاو لە بەرامبەر مەترسی بڵاوبونەوەی کۆمۆنیست لە ئێراندا دروست بکەن. [٢٧] بەم شێوەیە لەنیوەی ساڵی ١٩١٨هەموو خاکی ئێران لەژێر چاودێری بەریتانیەکاندا بوو. [٢٨]

لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە خراپەی ئێرانی تێکەوتبوو خەڵکی لە برسێتی و گرانیدا دەژیان، تەنانەت حکومەت نەیدەتوانی موچەی مانگانە بدات، ڕێژەی هاوردە کەمبویەوە بۆ سێیەک، هەربۆیە حکومەتی قاجاری پەنای بردە بەردەوڵەتی بەریتانیا لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا، قەرزەکانی گەیشتە حەوت ملێۆن جونەیهی ئیستەرلینی لەگەڵ ملێۆنێک سودی قەرزەکەی، لەبەر ئەوە حکومەتی ئێران بەڵێنیدا بەتەرخانکردنی چارەکێک لە خەزێنەکەی بەچەند قیستێک بۆ قەرزەکانی لەندەن، حکومەتی بەریتانیاش لای خۆیەوە بەرتیلی بەکاردەهێنا بۆ ڕوخانی کابینە وەزارییەکانی ئێران و دانانی ئەو وەزارەت و کابینانەی کە خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا بکات. [٢٩] ئەو

---

٢٣عبدالهادی کریم سلیمان: ایران فی سنوات الحرب العالمیه الثانیه، منشورات مرکز دیراسات الخلیج العرب جامعه البصره، بصره،١٩٨٦،ص٧.

٢٤جهاد صالح العمر، اسعد محمد زیدان الجوادی: ایران فی عهد رضاشاه پهلوی(١٩٢٥-١٩٤١)، مطابع التعلیم العالی،١٩٩٠،ص١٠.

٢٥عبدلهادی کریم سلیمان:م.س، ص٧،

٢٦علیرضا امینی،حبیب الله ابوالحسن شیرازی: م.پ، ل٢٣٥.

٢٧منوچهر محمدی:م.ل.٣٢.

٢٨علیرضا امینی،حبیب الله ابوالحسن شیرازی: م.پ، ل٢٣٧.

٢٩د.آمال السبکی: م.پ،ل٤٣.

هەلومەرجەی لەدوای جەنگ هاتە ئاراوە بووە هۆی بایەخی ستراتیجی ئێران لە گۆشە نیگای بەرژەوەندیەکانی بەریتانیاوە بەو پێیەی ئەم وڵاتە لە ڕوی شوێنگەی جوگرافیەوە ئەڵقەی بە یەکگەشتنی نێوان ڕوسیاو کەنداوی عەرەب وهندستانی پێکدەهێنا، ئەمەش وای لە بەریتانیا کرد هەوڵی ئەوە بدات ئێران بکاتە بەربەستێک لە ڕووی ڕوسیای سۆڤیەتی کە جێگای نیگەرانی بوو بۆ بەریتانیا، چونکە بەریتانیا دەمێک بوو بەرژەوەندی ئابوری لە ئێراندا هەبوو بەتایبەتی بەرژەوەندییە نەوتیەکانی. لە ئەنجامی هەموو ئەمانەشدا پاراستنی یەکیەتی خاکی ئێران و کارکردن بۆ ڕزگار کردنی لەو هەلومەرجە داتەپیووە و سەپاندنی ڕژێمی ئاسایش تیایدا چەند خاڵێکی گرنگیان لەسیاسەتی بەریتانیا لە هەمبەر ناوچەکە پێکدەهێنا [30] لەڕاستیشدا بەریتانیا بەهۆی کشانەوەی ڕوسیا نەیدەتوانی ڕێکەوتننامەکانی(١٩٠٧-١٩١٥) دەربارەی دابەشکردنی ئێران جێبەجێ بکات، هەربۆیە دەیویست ڕێکەوتننامەیەکی نوێ بەسەر ئێراندا بسەپێنێ و بەکردەوە بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. [31]

دوای ئەوەی وسوق دەولە دەسەڵاتی گرتە دەست، دانوستانەکان بۆ ئیمزاکردنی ڕێکەوتننامەیەک لە نێوان ئێران و بەریتانیادا دەستی پێکرد، لەمیانەی ئەم گفتوگۆیانەدا بە بەشداری هەردوو وەزیری دارایی و وەزیری دەرەوە ڕێکەوتننامەی١٩١٩ یان ئیمزا کرد.[32] پاش واژۆکردنی ڕێکەوتننامەکە، بەرلەوەی بخرێتە بەردەم کۆنگرەی نوێنەری کۆلۆنیاکانی بەریتانیا ڕاستەوخۆ دەستی بەجێبەجێ کردنی کرد، لۆرد کیرزن کە لەم کاتەدا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا بوو لەم بارەیەوە وتارێکی بۆ هاوکارەکانی خوێندەوە لە کابینەی بەریتانیا کە ئەمە دەقەکەیەتی: "ئێمە لە ڕێکەوتنێکدا لەگەڵ ئێراندا ڕێکەوتوین لەسەر بنەمای ئەوەی کە لە ئایندەدا بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا لەم بەشەی جیهاندا لەبەرامبەر ئەو کەوتن و وێرانکاریەی دوایدا بپارێزێت، پشتگیری ئێران دەکەین تا بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ تا ئەم وڵاتە بتوانێ، پێگەی خۆی لەنێوان دەوڵەتانی دەسەڵاتداردا بپارێزێت. "[33] ئەم ڕێکەوتننامەیە بۆئەوەی ببێتە ڕێکەوتننامەیەکی یاسایی پێویست بوو لەلایەن پەرلەمانی ئێرانەوە پەسەند بکرێت، بەریتانیەکان دەیانزانی لەئێراندا دوچاری نارەزایی ڕای گشتی دەبێتەوە هەربۆیە بڕیاریان دابوو بەرلەوەی بگاتە پەرلەمان ئیمزای لەسەر بکەن[34] بەپێی ڕێکەوتننامەکە بەریتانیا دەستی دەگرت بەسەر تەواوی ڕێکخستنە سەربازی و داراییەکانی ئێراندا و دەکەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕاوێژکارو ئەفسەرانی بەریتانیا، لەبەرامبەردا بەڵێنی دا بەپێدانی (٢) دوو ملیۆن لیرە بەقەرز بەئێران لەگەڵ پێ بژاردنی ئەو زیان و وێرانکاریانەی ئێران لەساڵانی جەنگدا

---

٣٠د.سەعدی عوسمان هەروتی: بزاڤی ڕزگاری خوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا(١٨٨٠-١٩٣٩)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر،٢٠٠٧، ل٤٢-٤٣.

٣١نەوشیروان مستەفا ئەمین: س.پ، ل٤٠٢.

٣٢علیرضا امینی و حبیب الله ابوالحسن شیرازی: م.پ، ل٢٣٧.

٣٣منوچهر محمدی:س.پ، ل٣٣.

٣٤یان ریشار و دیگران: م.پ، ل٧٧.

بەری کەوتبوو. [٣٥] لە ڕاستیدا ئەم پەیماننامەیە کاری لۆرد کیرزن بوو لەگەڵ حکومەتەکەی وسوق دەولەدا، حکومەتی بەریتانیا سیاسەتی خۆی لە وتارێکی ڕادیۆیدا بەم شێوەیە شیکردبووەوە : "سیاسەتی بەریتانیا لەسەر ئێران دامەزراندنی پەیوەندی دۆستانەیە وسیاسەتمان لەسەر ئێران لەڕووی نیازپاکیەوەیە، بەرژەوەندیمان لەوەدایە، کە ئێران سەربەخۆیی پارێزراو بێت و ئاسایشی تیادا بەرقەرار بێت، چونکە ئێران جگەلەوەی کە دەروازەی هندستانە دەروازەی هەموو ئاسیاشە، سەربەخۆ نەمانەوە و ئاڵۆزی لەو شوێنەدا نەک هەر زەرەری ئێمەیە بەڵکو زۆریش ترسناکە، ئەمە سیاسەتی دەوڵەتی بەریتانیایە بەرامبەر بە ئێران. کەواتە دەوڵەتی بەریتانیا ئەوەندەی بۆی بکرێت دەست لەکاروباری ناوخۆی ئێران وەرنادات. " [٣٦] شایەنی باسە بەریتانیا لەم ڕێکەوتننامەیەدا هەوڵی داوە جۆرێک لە ڕاوێژکاری لەئێران دروست بکات و ئێران بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. [٣٧] ئەم پەیماننامەیە ئێرانی بەتەواوی دەخستە ژێر کاریگەری و چاودێری ڕاوێژکارانی بەریتانیاوە. [٣٨]

کاتێک هەواڵی ڕێکەوتننامەکە بڵاوکرایەوە دوچاری شەپۆلێکی نارەزایی توند بووەوە لەلایەن خەڵکی ئێرانەوە، وسوق دەولە لەپاش چەند مانگێک ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە لەسەر بارودۆخی وڵات، بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە ڕایگەیاند: " زۆرینەی خەڵکی هاودەنگ بوون لەگەڵ ڕێکەوتننامەکە و تەنیا ژمارەیەکی کەم نەبێت کە دژی منن و بە مەبەست دژی ڕێکەوتننامەکە دەوەستنەوە. "لەگەڵ ئەوەشدا دۆخەکە تادەهات ئاڵۆزتر دەبوو لەدوای بڵاوکراوەکە، هەربۆیە قەدەغەی هاتوچۆی لە تاران ڕاگەیاند، ژمارەیەکی زۆری نەیارانی دەستگیر کرد و دووری خستنەوە، بە پاڵپشتی بەریتانیا فشارێکی زۆری خستە سەر خەڵکی، خاڵە ستراتیجیەکان کەوتە دەست بەریتانیا و بنکەیەکی سەربازی گرنگیان لە قەزوین دروستکرد، هەروەها لیژنەیەکی سەرکوتکاریان بەناوی کۆمیتەی ئاسنین پێکهێنا، کە بەهێزی تەواوەوە لە دژی نەیاران وەستانەوە، دواتر لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە سەرجەم ڕۆژنامە نەیارەکانیان داخست و ئەو ڕۆژنامانەشی لەتاران بڵاودەبونەوە کە ژمارەیان زۆر کەم بوو ناچارکرابوون ئەو هەواڵانە بڵاوبکەنەوە، کە لەلایەن ئاژانسی ڕۆیتەرسی بەریتانیاوە دەنێردران. [٣٩]

هەڵوێستی توندی خەڵکی دژی پەیماننامەکە و خراپی بارودۆخ لەلایەک، پێشکەوتنی ڕوسەکان لە گەیلان و مازندەران لەلایەکی دیکە متمانەی سیاسی بە وسوق دەولە کەم کردبووەوە بۆیە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی دا بە ئەحمەد شا، ناوبراو لە دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ نۆرمەن، موشیر دەولە

---

٣٥منوچهر محمدی: م.پ، ل٣٣.

٣٦حوسێنی مەدەنی: س.پ، ل٥٩-٦٠.

٣٧د.نیلوفەر کەسری:ئێران و کۆمەڵەی گەلان، دۆسیەی ئێران، ژمارە(٦)،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، مایسی٢٠٠٧، ل٧٤.

٣٨ سەعید قانعی: ڕەزا شای پەهلەوی، وەرگێرانی ئەرکان ئەحمەد جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی،٢٠١١،ل٣١.

[٣٩]علیرضا امینی و حبیب الله ابوالحسن شیرازی: م.پ، ل٢٤.

ڕادەسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ. نۆرمەن ئەم وتووێژەی خۆی لەگەڵ ئەحمەد شادا لە تەلەگرافێکدا ناردووە بۆ کیرزن لە ٢٣\ژوئیەی/١٩٢٠ و بەڕاوێژی ئەو موشیر دەولە هەڵبژێردراوە.[٤٠] کیرزن لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا هۆشداری دابووە نۆرمەن و پێی وتووە: "دەبێت گۆڕانێکی پێچەوانە لە سیاسەتی ئێراندا بەرپا بکرێت، سەرکەوتنی سیاسەتی بەریتانیا لە ئێران لە هەڵبژاردنی موشیردەولە دایە".[٤١]

لە ڕۆژی ١٩٢٠/٦/٢٣ نۆرمەن لە تەلەگرافێکی بە پەلەدا بۆ لەندەن نوسیبووی :

" دوێنێ شا دەست لەکار کێشانەوەی وسوق دەولەی پەسەند کرد و سەر لەبەیانی ئەمڕۆ موشیر دەولەی بانگ کردووە. "[٤٢] بەمەبەستی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ.

یەکەم کاری ئەم وەزارەتە نوێیە هەوڵدان بوو بۆ نەهێشتنی ئەو تورەییەی کە لەناو گەلدا هەبوو، کەوتە دانوستان لەگەڵ بەریتانیا بۆ وەستانی کارکردن بە پەیماننامەکە بەشێوەیەکی کاتی، ئەمەش بۆ دڵنیا بوون بوو لەنیازپاکی کابینە نوێیەکە، هەروەها ڕەخساندنی هەلی گفتوگۆکردنی سەرەتایی لەگەڵ سۆڤیێت بەمەبەستی کشانەوەی هێزەکانی لە بەندەری ئەنزلی، بەڵام وتارەکان لەدژی حوکمەت بەردەوام بوو، شاو جینشینەکەی هەوڵیاندا ڕابکەن بۆ ئەوروپا بەڵام باڵیۆزی بەریتانیا ڕازی نەبوو بە هەڵهاتنیان.[٤٣]

سەرۆک وەزیرانی نوێ لای خۆیەوە ڕاستەوخۆ لە بڵاوکراوەیەکدا جێبەجێ کردنی پەیماننامەکەی هەتا جێبەجێ کردنی کارەکانی لەڕێگای ئەنجومەنی شورای نەتەوەییەوە وەستان.[٤٤] بەمەش وەزیری دەرەوەی بەریتانیا کەوتە دژایەتی کردنی موشیر دەولە، دوای سێ مانگ لە ١٩٢٠\١١\٢٧ لە وتارێکیدا بۆ ئەنجومەنی بەریتانیا ووتی: "موشیر دەولە سیاسەتی لەگەڵ ئەوانی پێشتردا ناکۆکە، ئەو دەڵێت پەسەند کردنی پەیماننامەکە تا پێکهاتنی پەرلەمان دوادەکەوێت، لەو بڕوایەدام ئەوە سیاسەتێکی گەمژانەیە کە دەوڵەتی ئێران گرتویەتیە بەر. "[٤٥]

ئەم وەزارەتە وەک وەزارەتەکانی پێش خۆی شکستیهێنا لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەرلەمانی بەریتانی بۆیە ناچار بوو دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش بە شا بکات، ئەویش ڕاستەوخۆ پەسەندی کرد.[٤٦] دواترحەسەن مستەوفی وەزارەتێکی نوێی دروستکرد.[٤٧] لە دامەزراندنی وەزارەتەکەیدا ترومانی باڵیۆزی بەریتانیا لەتاران ئامادە بوو لەکاتی هەڵبژاردنی وەزیرەکانیدا، هەر لە وێدا نوسرەت دەولە وەزیری دەرەوەی ئێران پێشنیاری کرد بۆ باڵیۆزی بەریتانیا کە پەیماننامەکە

[٤٠] رضا نیازمند: رضاشاە از تولود تا سلطنت،چاپ اول، جامعه ایرانیان،١٣٨٧، ص٢٢٣-٢٢٤.
[٤١] علی اضغر زرگر: م.پ، ل٦٧.
[٤٢] رضا نیازمند: م.پ، ل٢٢٣.
[٤٣] د.آمال سبکی: م.پ، ل٤٨-٤٩.
[٤٤] منوچهر محمدی: م.پ، ل٣٤.
[٤٥] رضا نیزمند: م.پ، ل٣٣١.
[٤٦] د.آمال سبکی: م،پ، ل٤٨-٤٩.
[٤٧] د.جهاد صالح العمر و اسعد محمد زیدان الجوادی: م.پ، ل١١.

بگۆڕن بۆ پەیماننامەیەکی دیکە، کە زیاتر سودی بۆ وڵاتەکەی هەبێت، یاخود لیژنەیەکی ئێرانی-بەریتانی دروست بکەن بۆ ئامادەکردنی ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بە دۆخەکە، بەڵام باڵیۆزی بەریتانیا بڕیاردانی خۆی لەسەر ئەم پێشنیارە دواخست بۆ ئەوەی هەوڵی کێشکردنی ئێرانیەکان بدات بەڵام بێسود بوو، ئەم وەزارەتەش وەک وەزارەتەکانی پێش خۆی شکستیهێنا لە ڕازیکردنی پەرلەمان بۆ پەسەند کردنی پەیماننامەکە. [٤٨] موشیردەولە لەلایەن نوێنەرانی ئەنجومەنەوە بەوە تاوانبارکرا کە لەهەموو حوکمەتەکانی دیکە زیاتر لایەنگری بەریتانیەکانە. [٤٩]

هەربۆیە دەبینین ئەوەی ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لە بڕیاردان لە ئێران بەریتانیەکان بوون، پەیماننامەی ١٩١٩سەلمێنەری ئەو ڕاستیە مێژووییەیە، کە بەریتانیا تاک لایەنە دەستی کرد بەجێبەجێ کردنی پەیماننامەکە لەکاتێکدا لە پەرلەمان ی ئێران پەسەند نەکرابوو.

[٤٨] د.آمال سبکی: م.پ، ل٤٩

[٤٩] د.جهاد صالح العمر، اسعد محمد زیدان الجوادی: م.پ، ل١١

## تەوەری سێیەم:

## ڕۆڵ و کاریگەری بەریتانیا لە ئێران تا کودەتای ١٩٢١

بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنامەی ١٩١٩ بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا کەوتە مەترسیەوە، حکومەتی لەندەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ئێران و دورخستنەوەی مەترسیەکانی سۆڤیەت لە ناوچەکە بیری لە دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەک کردەوە، کە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسییەکانیان دوو ڕێگا چارەیان لە پێش بوو:

یەکەم: دەبوو هەوڵبدەن گۆڕانێکی ڕیشەیی و بنەڕەتی لە ئێران بێننە کایەوە ئەویش بۆ دروستکردنی حکومەتێکی نوێ، کە لایەنگری خۆیان بێت بەم پێیە جگە لەوەستاندنی پێشڕەوی سۆڤێت بەرەو باشوری ئێران بەرژەوەندیەکانیشی پارێزراو دەبێت.

دووەم: دابڕینی ناوچەکانی باشوری ئێران بەتایبەتی خۆزستان لە ئێران، لەو کاتەدا زەمینەی کارێکی لەم چەشنە فەراهەم بوو، بەمجۆرە سەرچاوە نەوتیەکانی باشور دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی بەریتانیاوە[٥٠]

بەریتانیەکان خاڵی یەکەمیان لا پەسەند بوو، هەربۆیە هەوڵەکانیان خستە گەڕ بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ناوەندی بەهێز کە لایەنگرو پارێزەری بەرژەوەندیەکانی ئەوان بێت، بۆ ئەم مەبەستە حکومەتی بەریتانیا بە نهێنی دەست بەکاربوو، ئەوەبوو کونسوڵیەتی حکومەتی بەریتانیا لەتاران پەیوەندی بەو کەسانەوە کرد کە لایەنگری بەریتانیا بوون بەمەبەستی دروست کردنی گروپێک لێیان و دواتر دامەزراندنی حکومەتێک، کە بتوانێت ئامانجەکانی بەریتانیا بەدیبێنێت لە ئێران، [٥١] چونکە بەریتانیەکان هەستیان بەوە کردبوو کە سیاسەتەکەیان پێویستی بە گۆڕین هەیە ئەویش بە گرتنە بەری ڕۆڵێکی تازە لە ڕووداوەکاندا کە لە ڕواڵەتدا مۆرکێکی نیشتمان پەروەرانەی لەخۆ گرتبوو، [٥٢] هەروەها فەرماندە سوپاییەکانی بەریتانیا لەنێو هێزی چەکداری ئێراندا باڵادەست بوون، هەژموونیان بەسەر سوپای ئێراندا هەبوو هەربۆیە هەوڵەکانی خۆیان چڕکردەوە بۆ دۆزینەوەی کەسایەتیەکی شیاو کە ڕابەری کودەتا لە ئەستۆ بگرێت. [٥٣] هەڵبەت ئەم بەرنامە ڕێژیەی بەریتانیا لە ئێران پاشخانێکی کۆنی هەبوو، نەی دەویست هیچ وڵاتێک هێز و دەسەڵاتی هەبێت لە ناوچەکە لۆرد ملز لە ١٩٢٠/٥/٢٤ وتی: "ئێمە بەهیچ جۆرێک نامانەوێ خۆمان بکەین بە لێپرساو بەرامبەر بەحکومەتی ئێرانی، بەڵام دەمانەوێت یارمەتی بدەین تا ئەوکاتەی لەسەر پێیەکانی خۆیان ڕادەوەستن. " [٥٤]

ناڕەزاییەکانی خەڵکی ئێرانیش بۆ ئەو حکومەتانەی کە لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانی هاتبوونە سەر دەسەڵات لەلایەک، هەروەها نەبوونی پارتێکی خاوەن نفوزی بەهێز لە ئارادا

---

٥٠محمود طلوعی: پدر و پسر ناگفتها از زندگی و روزگار پهلوی ها، چاپ ششم، ١٣٧٦، ص٤٣١.

٥١هـ.م، ل٤٣٢.

٥٢.جهاد صالح العمر، اسعد محمد زيدان: م.س، ل١١.

٥٣محمود طلوعی: م.پ، ل٤٣٢.

٥٤عبدالهادی كريم سليمان: م.س، ل٢٥-٢٦.

لەلایەکی دیکەوە ئەو بڕوایەی هێنایە کایە، کە دەستەیەکی بچوکی کەم بتوانن دەربکەون و مەترسی بۆ دەسەڵاتی دەوڵەتی سەردەستە دروست بکەن [٥٥]. هەربۆیە حکومەتی بەریتانیا گۆڕانێکی سەدو هەشتا پلەییان لە سیاسەتیاندا بەکارهێنا، چونکە ئەوان خوازیاری حکومەتێکی ناوەندی بەهێز بوون، لەکاتێکدا، کە لەپێش دەرچوونی هێزەکانی شورەوی لە ئێران هێزێکی زۆری بۆ بەرقەرار کردنی حکومەتێکی ناوەندی بەکارهێنا هەربۆیە بەنیازی ئەنجامدانی کودەتایەک بوون لە ئێراندا.[٥٦]

لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی نێوان بەریتانیا و ئێران باش نەبوو، بەڵام پێگەی ڕەزا میرپەنج[٥٧] وهەنگاوەکانی بۆ ڕێگا خۆشکردن بۆ دروستکردنی سوپایەکی بەهێزو گۆڕانی ئێران بۆ دەوڵەتێکی بەهێز، سودی زۆری بۆ بەریتانیەکان هەبوو[٥٨]، هەربۆیە ڕێگا چارەیەکی سەربازی بۆ کێشەی ئێران دۆزرایەوە کە ئەویش بریتی بوو لە دروستکردنی حکومەتێکی پەیوەست بە بەریتانیاوە تاوەکو بتوانێت لەڕێگای کودەتاوە کێشەی ئێران بەسودی خۆی کۆتایی پێ بێنێت[٥٩]

ئەوەبوو جەنەڕاڵ ئیرۆنساید، [٦٠] کە فەرماندەی هێزەکانی بەریتانیا بوو لە ئێران، ڕەزا میرپەنجی وەک کەسێکی گونجاو بۆ سەرپەرشتی کودەتا بە کونسوڵی بەریتانیا ناساند، ئەویش ڕەزا میرپەنجی دەستنیشان کرد بۆ ڕابەری کردنی کودەتا، دواترسەید زیائەدینی [٦١] نارد بۆ لای ڕەزاخان، کە بۆ

٥٥نیکی.آرکدی: ریشه‌های انقلاب ایران،ترجمه:عبدالرحیم گواهی، نشر علم، تهران،١٣٨٥،ص١٥٧.

٥٦د.علیرضا اوسطی: م.پ، ل٥١٤.

٥٧ ڕەزا میر پەنج: لەگوندی( ئالاشت)لەناوچەی سوادکو لەدایک بووە لە خێزانێک بەناوی(پالانی) لە ١٨٧٨/٣/١٦،باوکی سەرهەنگ(عباس قولی خان کوڕی موراد علی خان)ە تەمەنی ٨ مانگ بووە کاتێک باوکی مردووە، دواتر دایکی بردویەتی بۆ تاران و لەگەڵ براکەیدا ژیان، هەر لەوێ فێری نوسین و خوێندن بووە، کاتێک تەمەنی بوو بە ١١ ساڵ خاڵی خستیە ناو هێزی قۆزاقی فارسی، لەگەڵ ئەوەی کە خوێندەواریەکی کەمی هەبووە بەڵام لەبواری سەربازیدا شارەزایی زۆری هەبووە، لەناو قۆزاقەکاندا بە ئازایەتی ناوبانگی دەرکردووە، لە لێپرساوێتی وفەرماندەیی سەربازی و ڕێکخستنی سوپادا شارەزاییەکی باشی هەبووە، لەدەرەوەی قۆزاقدا هیچ ناوبانگێکی نەبووە، تا پلەی کۆلۆنێل پلەی سەربازی بەرز بۆتەوە. بڕوانە محمد وصفی ابومغلی: ایران دراسه عامه، مطبعه جامعه البصره، بصره،١٩٨٥،ص٢٩٢.

٥٨علی اصغر زرگر: تاریخ روابط سیاسی ایران و انگلس در دوره رضاشاه، ترجمه: کاوه بیات،چاپ اول، تهران،١٣٧٢،ص٨٦.

٥٩نازناز محمد عەبدولقادر: س.پ، ل

٦٠ئیرۆنساید: لەساڵی لە١٨٨٠ز لەدایکبووە، چەند زمانێکی زانیوە لەگەڵ کەمێک فارسی، کەسێکی سەرکەوتوو بووە لە کارەکانیدا و ئەستێرەی سەرکەوتنی پێدراوە، کاری سیخوڕی زۆری لە ئەڵمانیاو ئەو شوێنانەی کە ئەڵمانەکانی تیادا بوو ئەنجام داوە لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی، بە گەنجترین سەرکردەی بەریتانیا دادەنرا، بەهۆی بەتواناییەوە کاری زۆری پێ سپێردراوە یەکێک لەوانە کارکردنی بووە لە ئێران.بڕوانە: رضا نیازمند: م.پ، ل٣٤٣.

٦١زیائەدین تەباتەبایی(١٨٨٨-١٩٦٩): لە بنەماڵەیەکی ئاینی لە شاری شیراز لە دایک بووە، تەمەنی منالی لە تەبریز بەسەر بردووە، لە پانزە ساڵیدا ڕۆشتۆتە تاران و ئارەزومەندی کاری ڕۆژنامەگەری بووە، لە گەنجیدا ڕۆژنامەی ( شەرق)ی دەرکردووە لە ١٩١١-١٩١٢ لە پاریس خوێندویەتی و چۆتە بواری ڕۆژنامەوانی، کە گەڕاوەتەوە ئێران ڕۆژنامەی (سەعد)ی دەرکردووە، هەروەها سەرکەوتوانە ڕۆژنامەی ڕەعدی دەردەکرد کە لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا دەردەچوو، توانی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیرە ئێرانی و بیانیەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، لەگەڵ ڕەزاخان

سەرۆکی حکومەتی ئایندە لەلایەن بەریتانیاوە دەستنیشان کرابوو، ڕەزا میر پەنج پاش ئەوەی لە پشتگیری بەریتانیا دڵنیا بووەوە، ڕابەری کودەتاکەی گرتە دەست[٦٢].

ئیرۆنساید لە یادگاریەکانی خۆیدا نوسیویەتی: " ئەوەی کە ئێران دەیویست سەرکردەیەک بوو، من تەنها یەک کەسم بینیوە لەم وڵاتە کە توانای سەرۆکایەتی هەبێت، ئەویش ڕەزاخانە"[٦٣].

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئامانجەکانی بەریتانیا لە ئێران بەر لە کودەتا ئەمانە بوون:

١. پارێزگاری کردن لە سنورەکانی نیمچە کیشوەری هند کە لەو سەردەمەدا بە پڕبایەخدارترین داگیرگەکانی بەریتانیا دەژمێردرا، بۆ ئەم مەبەستەش پێویست بوو هەژموونی خۆی لە ئێراندا فراوان بکات لە دژی هەژموونی ڕکابەرەکانی خۆی لەوانە ڕوسیا، دواتر فەڕەنسا و ئەڵمانیا، دەبوو ئاسیش لە سنورەکانی ئەم ناوچەیە بپارێزێت.

٢. لەبەرامبەر فراوانخوازیەکانی سۆڤیەت بوەستێتەوە بەمەبەستی پارێزگاری کردن لە بەرژەوەندییە نەوتیەکانی لە هند و کەنداو.

٣. پارێزگاری کردن لەبەرژەوەندییەکانی دیکەی لە ئێران، کە لەکۆتاییەکانی ئەو سەردەمە گرنگیەکەی بۆ بەریتانیا دەرکەوتبوو.[٦٤]

کەواتە مەترسی سۆڤیەت لە ئێران لەسەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بەتایبەت بەرژەوەندییە نەوتیەکانی وای لە بەریتانیا کردەوە بیر لە ڕێگە چارەیەک بکەنەوە، ئەو ڕێگە چارەیەش گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی و هێنانە سەر تەختی کەسێک بوو لە ئێراندا کە گوێڕایەڵی خۆیان بێت و زامنی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان بێت.

---

هاوکاری کردووە، دوای سەد ڕۆژ لەسەرۆک وەزیرانی ئێرانی بەجێهێشتووە بڕوانە: د.ابراهیم خلیل احمد،د.خلیل علی مراد: ایران و ترکیا(دراسه فی التاریخ الحدیث و المعاصر)، دار الکتب للطباعه والنشر۔ موصل،١٩٩٢،ص١١٣، محمد علی موحد:م.پ، ل٩٨٢.

٦٢محمود طلوعی: م.پ، ل٤٣٢،٤٣٣.

٦٣د.علی اصغر زرگر: م.پ، ل٦٩.

٦٤ محمود طلوعی: م.پ، ل٤٣١.

## تەوەری چوارەم:

## كودەتای فێبرایەری ١٩٢١ و كاردانەوە كان بەرامبەر بە كودەتا و بەریتانیەكان

ئیرۆنساید لە ٢/١٢ بۆ دوایینجار دیدارێكی لەگەڵ ڕەزاخاندا ئەنجامدا و لەو بارەیەوە دەنوسێت: "من جاری كۆتایی لەگەڵ ڕەزاخاندا گفتوگۆم كرد، سەركردایەتی هێزی قەزاقم بە یەكجاری پێ سپارد، ناوبراو واقیعی ترین و ڕكترین پیاو بووە كە تا ئێستا دیومە. "هەروەها دنیس ڕایت باڵیۆزی پێشوی بەریتانیا لە ئێران، لە كتێبەكەیدا بە ناونیشانی(بەریتانیەكان لەناو ئێراندا) باس لەو كۆتا دیدارە دەكات و دەنوسێت: " دوو ڕۆژ دوای ئەو دیدارە ئیرۆنساید نێردرا بۆ بەغداد بۆ وەرگرتنی كارێكی نوێ، ناوبراو پێش بەجێهێشتنی تاران، بەمەبەستی ماڵئاوایی سەردانی ئەحمەد شای كرد، هەوڵیدا شا هانبدات كە سودی زیاتر لە توانای ڕەزاخان وەربگرێت. . "[٦٥] جیا لەمە ئیرۆنساید بەر لە ئەنجام دانی كودەتا پێشتر بە دوو مەرج لەگەڵ ڕەزاخان ڕێكەوتبوو كە دەسەڵات بگرێتە دەست ئەوانیش:

١. پەیمان بدات لەكاتی ڕۆشتنی سوپای بەریتانیا بڕیاری هیچ هێرشێك نەدات.
٢. بۆ لادانی شا دەست بەهیچ جۆرە كارێكی توندڕەوانە نەكات، هاوكات ڕێگە بەهیچ جۆرە توندڕەویەكیش نەدات.

ئیرۆنساید دەڵێت: " دەربارەی هەردوو مەرجەكە ڕەزاخان ڕەزامەندی نیشانداوە، ڕایگەیاندووە بەبێ بڕیاری بەریتانیا هیچ جۆرە كارێك ئەنجام نادات. "[٦٦] بەمجۆرە دوای زنجیرەیەك چاوپێكەوتن لە نێوان ئیرۆنساید ڕەزاخان وا ڕێكەوتن كە بەریتانیەكان هێزەكانی قۆزاق[٦٧] كە برسی و بێ چەك و ئازوقە بوون پڕ چەكیان بكەن و ئامادەیان بكەن بۆ هێرش كردنە سەر تاران و ئەنجامدانی كودەتا، بڕیاردرا ڕەزاخان كارە سەربازیەكان وسەید زیائەدینیش كارە سیاسیەكان لە ئەستۆ بگرێت. [٦٨]

بەریتانیەكان(٣) سێ ئەفسەریان بۆ یارمەتی دانی ڕەزاخان دیاری كرد لەكاتی جێبەجێ كردنی كودەتاكەیا كە ئەوانیش: (هاوارد، سمارت، نارمنت) بوون، ئەمانە خرانە شوێن سێ ئەفسەری ڕوس، كە پێشتر لەنێو تیپە قۆزاقەكەدا دوور خرابوونەوە، [٦٩]هەروەها ڕەزاخان بەر لە هاتنی بۆ تاران بەهۆی ئەو برە پارەیەی كە لە بەریتانیەكان وەریگرتبوو توانی هەندێك لە سەربازەكانی سوپا ڕابكێشێت بەلای خۆیدا تا لەكاتی كودەتا هاوكاری بن[٧٠] ، ناوبراو بە پاڵپشتی ئەفسەرە ڕاوێژكارەكانی بەریتانیا

---

٦٥سەعید قانعی: س.پ، ل١٩-٢٠.

٦٦ د.اصغر علی زرگر: م.پ، ل٦٩.

٦٧ قۆزاق: تەنیا قوتابخانەیەكی سەربازی كە لەئێراندا هەبووە ناوی قۆزاقخانە بووە، كە تا كودەتای ١٩٢١ تاكە خوێندنگەی سەربازی بووە، هیچ ڕێسایەكی یاسایی نەبووە كە بتوانێ ناوی بنێ ئەمە كۆلێجی سەربازییە، لەم قوتابخانەیە بەزمانی ڕوسی وانەی تیادا دەخوێنرا، ئەم زمانە ڕوسیەش وەك داردەستەیەك وابوو بۆ ڕوسەكانی ئێران كە ڕۆژ بە ڕۆژ لەزیاد بووندا بوون بڕوانە: نجفقلی پسیان، خسرو معتضد: درعصر- دو پهلوی، چاپ اول،ناشر جاویدان،١٣٧٧،ص٣٤.

٦٨د.منوچهر محمدی: م.پ، ل٥٣-٥٤.

٦٩د.جهاد ضالح العمر و اسعد محمد زیدان الجوادی: م.س، ص١١-١٦.

٧٠یان ریشارد و دیگران: م.پ، ل٨٧.

لەشەوی( ١٩٢١/٢/٣) بەسوپایەکەوە چووە ناو تارانەوە، نزیکەی(٦٠) شەست کەسی لە پیاوە ناودارەکانی ئێران دەستگیر کرد، شای دڵنیا کردەوە کە لە پێناو پاراستنی دەسەڵاتی شاهەنشاهی و مەترسی هەڵگەڕانەوە کودەتا دەکات هەربۆیە داوای کرد کە سەید زیائەدین بکرێتە سەرۆک وەزیران، شا داواکەی جێبەجێ کرد و ڕەزاخانیشی کردە سەرداری سوپا[٧١].

پێویستە ئەوە بوترێت کە ڕەزاخان بەبێ هیچ ڕووبەڕوو بونەوەیەک چووە تارانەوە، بالیۆزی بەریتانیاش پێشتر داوای لە ئەحمەد شا کردبوو کە پەیوەندی لەگەڵ قۆزاقەکاندا دروست بکات و گوێ بۆ داواکاریەکانیان ڕا بگرێت، ناوبراو ڕازی بووبە پێی ڕێنماییەکانی باڵیۆزی بەریتانیا کارەکانی ئەنجام بدات، ئەوە بوو لە( ١٩٢١/٢/٢٢ ) سەید زیائەدینی ئاگادار کردەوە بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆ، [٧٢] ئەم کودەتایە گۆڕانکارییەکی گەورەی هێنایە کایەوە کە بریتی بوو لە دوورخستنەوەی خێزانی قاجاری و هاتنە سەر دەسەڵاتی خێزانی پەهلەوی . [٧٣] لۆرن لە نامەیەکیدا باس لە پەیوەندی نهێنی ڕەزاخان و بەریتانیەکان دەکات و دەڵێت: "بەبێ بوونی ئارامگرتنی بەریتانیا وپلاندانانیان کۆسپی زۆر گەورە لەبەردەم کارەکەدا هەبوو، کە زۆرمەحاڵ بوو ڕەزاخان سەربکەوێ. " بەم جۆرە بەریتانیەکان لەچەندین قۆناغدا بە ئاشکرا یارمەتی حکومەتی ئێرانیاندا، نوێنەری بەریتانیا لەتاران لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئێران توانی سەختترین قۆناغی ببڕێت لە مێژوویدا". لای خۆشیەوە وەزیری داگیرگەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا (ونستۆن تشرشل) لە نامەیەکیدا بۆ(برسی لۆرن) باڵیۆزی وڵاتەکەی لە ئێران دەڵێت: "هیوادارین ڕەزاخان سەرکەوتوو بێت لەکودەتاکەی، ئێمە هیچ نیگەرانیەکمان نیە سەبارەت بە کارەکەی". لەوەڵامدا لۆرن دەڵێت: "کەس گومانی نیە لەوەی کە ڕەزاخان دەبێت بە شای تازەی ئێران. "[٧٤]

لە دوای کودەتا ناوی سەردارسوپا (ڕەزاخان) زیاتر کەوتە سەر زاری خەڵکی بەشێوەیەک، کە بە ڕوونی دەستی بەریتانیا لە پشت ڕووداوەکەوە دەبینرا، بەریتانیەکان خۆیان لەم بۆچونە بەدوور گرت بەوەی کە هەرجۆرە هاوکاریەکیان لەگەڵ کودەتا کەراندا هەبوبێ بەتایبەت ڕەزاخان، [٧٥] بەڵام ئێرانیەکان سەرجەمیان لەو بڕوایەدا بوون کە بەریتانیەکان لە پشتی ئەم کودەتایەوە بوون و یارمەتی ڕەزاخانیان داوە، ئەم بڕوایەی ئێرانیەکانیش پشت بەوە دەبەستێت کە ڕەزاخان پەیوەندی کردووە بە ئیرۆنسایدەوە کە یەکەم پیاوی بەریتانیا بووە لە بواری هەواڵگریدا، بەهۆی ئەوەوە ڕەزاخان کراوە بە فەرماندەی هێزەکانی قۆزاق، هەروەها ڕەزاخان نۆ ڕۆژ بەر لە کودەتا لەگەڵ ئیرۆنسایدا کۆبۆتەوە، کە ئەمەش هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە سەبارەت بە ڕۆڵی ئیرۆنساید لەکودەتاکەدا، ئەمە وێڕای بوونی چەندین ئەفسەری بەریتانی لەنێو تیپە قۆزاقەکەدا کە ورەی ڕەزاخانیان زیاتر بەرز دەکردەوە لەکاتی

---

٧١ پرواند ابراهامیان: ایران بین دو انقلاب از مشروطه تا انقلاب اسلامی، ترجمە:کاظم فیروزمند و دیگران ، چاپ هشتم،١٣٨٧،ص١٠٢-١٠٣.

٧٢ د.علی اصغر زرگر: م.پ، ل٧٢.

٧٣ د.كمال مظهر احمد:م.س، ص٢٧.

٧٤ جهاد صالح العمر،اسعد محمد زیدان الجوادی: م.س،١٨.

٧٥کیوان پهلوان:م.پ،ل٢٣٦.

کشانی بۆ تاران[٧٦]

کودەتاکە هیچ کاردانەوەیەکی بەدوادا نەهات لەلایەن کۆمسیۆنی بەریتانیاوە، بگرە لەلایەن هێزەکانی تریشەوە چونکە وا دیار بوو بەریتانیەکان پێشتر ئەوانیان دڵنیا کردبووەوە کە کودەتاکە زیان لەبەرژەوەندی ئەوان نادات،[٧٧] بەم شێوەیە بەریتانیەکان باڵادەست بوون بەسەر بارودۆخەکەدا، ئەمەش ڕوون و ئاشکرایە کە هاودەستی هەبووە لە نێوان کودەتاچیەکان و سەربازە بەریتانیەکانی قەزویندا.[٧٨] نیکی آرکدی لەبارەی کودەتاکەوە دەڵێت: "بەریتانیەکان بە ناچارکردنی ئەحمەد شا بە وەرگرتنی ئەفسەرەکانی بەریتانیا لە قۆزاق لە ١٩٢٠بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕێگەیان بۆ کودەتاکە خۆشکرد. "[٧٩] هەروەها لۆرن سەبارەت بە کودەتاکە دەڵێت:" کەس ناتوانێ بڕوا بە کەسێک بێنێت بەوەی کە کودەتای ڕەزاخان دەستی بەریتانیای تیا نیە. "[٨٠] ئارمیتاج سمس مەزنە ئەفسەری بەریتانی لە ئێران لە نامەیەکدا ڕۆڵی ڕەزاخان لە کودەتاکەدا بەرز دەنرخێنێت و دەڵێت: "ڕەزاخان داوای کۆمەکی ڕاوێژکاری سەربازی لێکردووم، منیش ڕێنمایم کردووە. " ئەمە وێڕای ئەوەی برسی کۆکس لەکاتێکی زوتردا پێشبینی ئەوەی کردبوو کە ڕەزاخان تەنها کەسێکە بتوانێت گۆڕانکاری لە ئێراندا ئەنجام بدات.[٨١]

هەموو گێڕانەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە باڵیۆزخانەی بەریتانیا پێشتر ئاگاداری کودەتاکە بوون و پاڵپشتییان کردووە، بەڵکو لەگەڵ ڕەزاخانیشدا بەشدارییان بۆ ئامادەکاریی ئەنجامدانی کردووە، ئیرۆنساید لە بیرەوەریەکانیدا وتویەتی کە ئەو: " بڕوای بەوە هەبووە کە دیکتاتۆریەتێکی سەربازی بەهێز دەتوانێت ئێران لە ئەگەری قەومانی شۆڕشێکی بەلشەفی ڕزگار بکات. " هەروەها جەخت لە بەشداری باڵیۆزخانەی بەریتانی لە کودەتاکە دەکەنەوە بەوەی کە پێویستیە داراییەکانی ڕەزاخانیان دابینکردووە، پاش چەندین ساڵ ئارمیتاج سمیس جەختی لەوە کردۆتەوە کە ئامۆژگاری داوەتە ڕەزاخان، دەگونجێت دەربڕینەکەی چەرچڵ سەبارەت بەڕەزاخان لە ڕۆژی لابردنەکەیدا لە دەسەڵات و تەختی پاشایەتی لە ١٩٤١ کە وتویەتی: "ئێمە خۆمان لەسەر تەختی پاشایەتی دامانناو هەر خۆشمان لامان دا" سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە بەریتانیا هەر لەسەرەتاوە تا سەرکەوتنی پاڵپشتی کودەتاکەی کردووە[٨٢].

هەموو ئەو وتە و گێڕانەوانەی خسومانەتە ڕوو سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە نەخشە داڕێژەری کودەتا جەنەڕاڵ و ئەفسەرە بەریتانیەکانی ناو ئێران بوون، کە باڵیۆزخانەی بەریتانیا ئاگاداری هەنگاو بە هەنگاوی کودەتاکە بووە هەرلەبەرئەوەش کودەتا کاردانەوەی توندی بەدوای خۆیدا هێنا.

---

٧٦جهاد صالح العمر،اسعد محمد زیدان الجوادی: م.س، ل١٤

٧٧ ن.م

٧٨ ژان پیر دیگارت و دیگران: م.پ، ل ٨١.

٧٩ کیوان پهلوان: م.پ، ل٣٥٥-٣٥٦.

٨٠ هوشنگ صباحی: م.پ، ل٢٣٤.

٨١جهاد صالح العمر و اسعد محمد زیدان الجوادی: م.س، ل١١-١٦.

٨٢ د.یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها: س،پ، ل٨٨،٨٧.

## ئەنجام

١- سیاسەت و پەیوەندیەکانی نێوان ئێران وبەریتانیا بە پەیوەندیەکی دۆستانە دەستی پێکردووە، بەهۆی فراوانی کارەکانی کۆمپانیای هندی ڕۆژهەڵاتی و هاتوچۆکانی بەریتانیا لەبواری بازرگانی بۆ ئێران، چونکە کەنداو وکەناری دەریاییەکانی ئێران گرنگیەکی زۆری بازرگانی هەبووە بۆ بەریتانیەکان کە دواتر پەیوەندی ئەم دو وڵاتە زیاتر گەشەی کرد و دەتوانین بڵێین بەریتانیا بووە بڕیاردەری یەکەم لە ئێراندا لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە.

٢- سەرەڕای ڕاگەیاندنی بێلایەنی خۆی لەجەنگا بەڵام هیچ کام لە وڵاتە زلهێزەکان ڕێزیان لەم بێلایەنیەی ئێران نەگرت بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و ستراتیجی خاکەکەی، ئیتر زیاتر دەستی بەریتانیاو ڕوسیا کراوە بوو لە ئێراندا و هەریەکەو بەشێکیان لە خاکەکەی داگیرکرد، دواتر زەمینەسازی دروست کرا بۆ ئەنجام دانی کودەتایەک بە پاڵپشتی بەریتانیا لە ئێران ئەمەش بە مەبەستی پاراستنی یەک پارچەیی خاکی ئێران و دروست کردنی حکومەتێکی ناوەندی بەهێز بوو تا زامنی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بکات لە ئێراندا.

٣- ئەفسەرو کەسایەتیە بەریتانیا نیەکان خۆیان نەخشە داڕێژەری کودەتای ١٩٢١ بوون لە ئێراندا، بۆ ئەم مەبەستەش هەموو چەشنە هاریکاریەکی مادی و مەعنەوی بە ئەنجامدەرانی کودەتا داوە، کە زۆربەی مێژوونوسان جەختیان لەو ڕاستیە کردۆتەوە ئەمە جگە لەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەی کە دۆزراوەتەوە و بە ئاشکرا باس لە هاریکاری و پاڵپشتیەکانی بەریتانیا دەکات بۆ ڕەزاخان، هەروەها بەریتانیەکان هیچ هەڵوێستێکی نێگەتیڤیان لە ڕوخانی دەوڵەتی قاجاریدا نەنواند، بگرە پێشوازیان کردووە لەدەسەڵاتی تازەی پەهلەوی کە دواتر ڕەزاشا لە سیاسەتەکانیدا لەکاتی هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی کەوتە دژایەتی بەریتانیا و هەر بەو هۆیەش بەریتانیەکان لە دەسەڵات لایانبرد.

٤- قسە کردن لەسەر ئەو ماوە مێژووییەی ئێران کە ئاماژەمان پێداوە (١٩١٨-١٩٢١) بە بێ ئاماژەدان بە ڕۆڵ و کاریگەری بەریتانیا لەسەرجەم ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و سەربازییەکانی ئێران چ لە سەر ئاستی ناوخۆ بێت، چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بێت، چونکە ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی لەسەر شانۆی سیاسی ئێران بینیوە لەڕاستیدا بەریتانیا بووە و کەسایەتیەکانی ئێران تەنها کاراکتەرێکی جوڵاو بوون بەدەست بەریتانیاوە.

## لیستی سەرچاوەکان:


### یەکەم: کتێبەکان:

#### أ. کتێب بە زمانی کوردی

١. حوسێنی مەدەنی: کوردستان و ئیستراتیژی دەوڵەتان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠١.

٢. راجر سێڤری: ئێرانی سەردەمی سەفەوی، وەرگێڕانی سەلاحەدین ئاشتی، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣. د. سەعدی عوسمان هەروتی: بزاڤی ڕزگاری خوازی نیشتیمانی لە کوردستانی ڕۆژهەلاتدا(١٨٨٠-١٩٣٩)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧.

٤. سەعید قانعی: ڕەزا شای پەهلەوی، وەرگێڕانی ئەرکان ئەحمەد جاف، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی، ٢٠١١.

٥. محمد ئەمین مەنگوڕی: بەسەرهاتی سیاسی کورد لە ١٩١٤ هەتا ١٩٥٨، بەشی یەکەم، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٦. نازناز محمد عەبدول قادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا(١٩٦١-١٩٧٥)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

٧. نەوشیروان مستەفا ئەمین:کورد و عەجەم(مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٨. د. یاسین سەردەشتی: گەلی کوردو بزاڤی بەشروتەخوازی لەئێران(١٩٠٥-١٩١١)، چاپخانەی هاوار، سلێمانی، ٢٠٠١.

٩. د. یاسین سەردەشتی، بەرزانی مەلا تەها: مێژووی هاوچەرخی ئێران، جاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٠. نازنازمحمد عەبدول قادر: سیاسەتی ئێران بەرامبەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا(١٩٦١-١٩٧٥)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

#### ب. کتێب بەزمانی عەرەبی:

١. د. آمال السبکی:تاریخ ایران السیاسی بین ثورتین(١٩٠٦-١٩٠٧)، ترجمه: احمد مشاری المدوانی، المجلس الوطنی للثقافه والفنةن و ولادب، کویت، ١٩٩٩.

٢. د. ابراهیم خلیل احمد و د. خلیل علی مراد: ایران و ترکیا(دراسه فی التاریخ الحدیث و المعاصر)، دار الکتب للطباعه والنشر، موصل، ١٩٩٢.

٣. جهاد صالح العمر و اسعد محمد زيدان الجوادی: ایران فی عهد رضاشاه پهلوی(١٩٢٥-١٩٤١)، مطابع التعليم العالی، ١٩٩٠.
٤. عبدالهادی کریم سلیمان: ایران فی سنوات الحرب العالميه الثانيه، منشورات مرکز دیراسات الخليج العرب جامعه البصره، بصره، ١٩٨٦.
٥. محمد وصفی ابومغلی: ایران دراسه عامه، مطبعه جامعه البصره، بصره، ١٩٨٥ .

**ج. کتێب بەزمانی فارسی:**

١. جورج ناتانیل کرزن: ایران و قضیه ایران، ترجمه: غلامعلی و حیدر مازندرانی، جلد دوم، تهران، ١٣٨٠.
٢. رضا نیازمند: رضاشاه از تولد تا سلطنت، چاپ اول، ناشر شرکت حکایت قلم نوین١٣٨١ .
٣. د. علیرضا امینی وحبیب الله ابوالحسن شیرازی: تحولات سیاسی-اجتماعی ایران از قاجاریه تا رضاشاه، چاپ دوم، نشر قومس، تهران١٣٨٥.
٤. د. علی رضا اوسطی: ایران در سه قرن گذشته، جلد دوم، چاپ اول، چاپخانه برادران علمی، تهران، ١٣٨٢.
٥. علی اصغر زرگر: تاریخ روابط سیاسی ایران و انگلس در دوره رضاشاه، ترجمه: کاوه بیات، چاپ اول، تهران، ١٣٧٢.
٦. کیوان پهلوان: رضاشاه و بررسی کتب سیاسی معاصر، چاپ اول، انتشارات آرون، تهران، ١٣٨٣.
٧. محمد علی موحد: خواب آشفته نفت (دکتر مصدق و نهضت ملت ایران)، جلد دوم، چاپ اول، چاپخانه سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ وارشاد اسلامی، تهران، ١٣٨٧.
٨. د. مریم میر احمدی: پژوهشی در تاریخ معاصر ایران. برخورد شرق و غرب در ایران(١٩٠٠-١٩٥٠)، انتشارات استان قدس رضوی، ١٣٦٩.
٩. د. منوچهر محمدی: مروری سیاست خارجی ایران دوران پهلوی یا تصمیم گیری درنضام تحت سلطه، چاپ اول، نشر دادگستری، تهران، ١٣٧٧.
١٠. محمود طلوعی: پدر و پسر ناگفتهها از زندگی و روزگار پهلوی ها، چاپ ششم، ١٣٧٦ .
١١.
١٢. نیکی آرکدی: ریشههای انقلاب ایران، ترجمه:عبدالرحیم گواهی، نشر علم، تهران، ١٣٨٥.
١٣. نجفقلی پسیان و خسرو معتضد: درعصر دو پهلوی، چاپ اول، ناشر جاویدان، ١٣٧٧.
١٤. هوشنگ صباحی: سیاست انگلس و پادشاهی رضاشاه، ترجمه: پروانه ستاری، چاپ اول، نشر گفتار، تهران، ١٣٧٩.

١٥. يرواند ابراهاميان: ايران بين دو انقلاب از مشروطه تا انقلاب اسلامى، ترجمه: كاظم فيروزمند ، شمس آورى و محسن ابراهاميان، چاپ هشتم، ١٣٨٧.
١٦. يان ريشار، ژان پيرديگارت وبرنارد هوركاد: ايران در قرن بيستم بررسى اوضاع سياسى، اقتصادى، اجتماعى، فرهنگى در يكصد سال اخير، مترجم، عبدالرضا هوشنگ مهدوى، نشر البرز، چاپ اول، چاپخانه آسمان، تهران، ١٣٧٧.

**دووەم- گۆڤار**

**أ- بە زمانی کوردی:**

١. د. نیلوفەر کەسری: ئێران و کۆمەڵەی گەلان، (دۆسیەی ئێران)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردساتان، ژمارە(٦)، مایسی ٢٠٠٧.

**ب- بە زمانی فارسی:**

١. هادى وكيلى: ارزيابى ميزان اعتبار ترجمه فارسى تاريخ ايران از سرجان ملكم، فصلنامه مطالعات و زبان ترجمه( دانشكده ادبيات و علوم انسانى)، علمى-پژوهشى، شماره سوم، زمستان ١٣٨٩.